# وێنەکانی باوک لەنێو ئەدەبیات، سینەما و ستران-دا

بەختیار حەمەسوور

**بۆ: باوکم**

بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی کوردی، هەمیشە وێنەیەکی توندڕۆ، ناشیرینو دزێویان لەمەڕ باوکەکانەوە نیشان داوە. هەڵبەت ئەم ڕۆڵبینینەی باوک لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ڕەنگە زۆر جار لاساییکردنەوەیەکی سەقەتی ئەدەبیاتی جیهانیی بێت، وەک چۆن دەیشگونجێ کاردانەوەی بەشێک لە دڵڕەقیی باوکی کوردی بێت، بەڵام ئایا هەموو باوکی کوردیی ئەوەندە دڵڕەقن تا هەمیشەو بەو شێوەیە کاریان لەسەر بکرێت؟ بەهەرحاڵ ئەوی لەم پەنجەرە بچووکەوە مەبەستمانە ئەوەیە: چەند پەیڤێک لەسەر دیوێکی تری باوک بدوێین، کە من پێی دەڵێم: دیوی دووەم، دیوێک کە کەمتر کاری لەسەر کراوە، ئاخیر دواجار باوکیش وەک هەموو کائینەکانی تری خودا، خاوەن میهر و سۆزە.

گەر ئاوڕ لە نووسراوی کوردی بدەینەوە، دەبینین ئەو نووسەرانەی کاریان لەسەر باوک کردووە، کارەکانیان بریتیبووە لە کوشتن و نابووتکردنی باوک، هەڵبەت ئێمە کارمان بەسەر باشیی و خراپیی بەرهەمەکانەوە نییە، زۆریان ئیشی جوانیان خستووەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە. ناکرێت باسی باوک بکەین و بەسەر ڕۆمان و چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا باز بدەین. ئەم نووسەرە، بەجدیی کاری لەسەر باوک کردووە، دەکرێت ئاماژە بە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) بدەین. بنیادی ئەم ڕۆمانەی شێرزاد، بریتییە لە کوشتنی باوک، ئەو باوکەی هەژموونی بەسەر هەموو شتەکاندا هەیە و ڕۆڵی خودا بەرجەستە دەکات لەنێو ماڵدا. ئەو فیگەرەی لەم ڕۆمانەدا کێشراوە، فیگەری باوکێکە قێزەون، باوکێک، شتێک لە سینەتدا نییە لێبداتو نێوی دڵ بێت.

گەر شەقاوێک ئەدەب جێبهێڵین و بچینە نێو کایەی فیلم و سینەماوە، جارێکی دی تووشی هەمان وێنە دەبینەوە لە باوک. ئەوە لاوازیی فیلمی کوردیی باسێکە و لێرەدا جێی نابێتەوە، ئەوەیشی کە هەیە، هەوڵێکی کەمە. بەشێکی زۆر لەو فیلمە کوردییانەی کاریان لەسەر باوک کردووە، دووبارە و جارێکی تر باوکەکان دڵڕەقانە ڕۆڵبینین دەکا، جارێکی تر باوک دەبێتە کوشتنی حەزی کچەکان و وەدەرنانی کوڕەکانی لە ماڵ. من، حەز دەکەم لێرەدا قسان لە دوو کورتەفیلم بکەم، یەکێکیان جیهانیی و ئەوی دیکە کوردی، کە کەمێک ئیشەکەی ئێمە ئاسانتر دەکەن، ئەم دوو کورتەفیلمە وێڕای جوانییان، ئیشێکی جوانیشیان لەسەر باوک کردووە، یانی کار لەسەر دیوی دووەمی باوک، وەک لە سەرەتادا وتمان: دیوی دووەم بریتییە لە میهر و سۆز.

کورتەفیلمی یەکەم ناوی (ئەوە چییە؟ What is that?)ە، بەسانایی باس لە میهرەبانیی باوک دەکات، چیرۆکی فیلمەکە چیرۆکێکی سادە و کورتە، بەوەی باوک و کوڕێک لە باخێکدا دانیشتوون، کوڕەکە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە و لەپڕدا چۆلەکەیەک لەسەر لکی دارێک دەنیشێتەوە، باوکەکە لە کوڕەکەی دەپرسێت: ئەوە چییە؟ کوڕەکەی دەڵێت: چۆلەکەیە، جارێکی تر باوکەکە دەپرسێت: ئەوە چییە؟ جارێکی تر کوڕەکە دەڵێت: چۆ... لە... کەیە، دوایی پرسینێکی دی، ئیدی کوڕە تووڕە دەبێت و شتەکان لە جێی خۆیان دەلەقێنێت. باوکە، لە کاردانەوەی کوڕەکەیدا دەچێتە ژوورو دەفتەری یادنووسەکانی چەندین ساڵی بەر لە ئێستەی دێنێت، دەیخاتە سەر لاپەڕەیەک و داوا لە کوڕەکەی دەکات بە دەنگی بەرز بیخوێنێتەوە، کوڕە دەست دەکات بە خوێندنەوە و باوکی نووسیویەتی: (ئەمڕۆ کە کوڕە چکۆڵەکەم بوو بە سێ ساڵ، پێکەوە چووینە پارک، لەپڕ چۆلەکەیەک لەسەر لکی دارێک نیشتەوە و کوڕەکەم بێستویەک جار پرسی: ئەوە چییە؟ منیش بەوپەڕی خۆشییەوە بیستویەک جار وتم: چۆلەکەیە و جار دوای جاریش توووند و توووندتر لە باوەشم دەگرت). ئیدی کوڕە دوای ئەمە، باوەش بە باوکیدا دەکات، باوەشێک پڕە لە داوای لێبووردن.



کورتەفیلمی دووەم، کە کوردییە، ناوی (باوکە)یە. ئەم کورتەفیلمە، باس لە باوک و کوڕێکی کورد دەکات کە بە قاچاغ سەفەری ئەوروپا دەکەن، لەوێ باوکەکە لەبەرئەوەی کوڕەکەی نەگەڕێننەوە، خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات و ڕەوانە دەکرێتەوە، بۆئەوەی کوڕەکەیشی نەنێرنەوە، حاشا دەکاتو دەڵێت: نایناسم، چەند کوڕەکەی هاوار دەکات و دەڵێت: باوکە، بەڵام ئەو هیچ بەسەر خۆیا ناهێنێت و خۆی لێ نەناس دەکات، کوڕەکەیشی لەم سۆز و میهرەبانییەی باوکی ناگات.

ئەم دوو کورتەفیلمە زۆر منیان ڕاگرت، زۆر جاران و هەمیشەیش، کە لێمان دەپرسن، ئایا لە دایک و باوکت کامیانت خۆشتر دەوێت؟ وەڵامی زۆرینەمان: دایکمانە. هەموو گۆرانی و شیعر و جوانییەکان دەبەخشین بە دایک، باوک پەراوێز دەخەین. ڕاستە دایک کانیاوی سۆزە، بەشێکە لە هەناسەی خودا، بەڵام باوکیش ڕۆحێکە هەموو کات ماندوو، جەستەیەکە هەمیشە شەکەت. تۆ بڕوانە خۆڕاگریی باوک بەرامبەر بە پێشهات و کارەساتەکان، دایک هەمیشە لە ڕێگای فرمێسکەکانییەوە، سەبوورییەک دەگات بە ڕۆحی و کەمێک خاڵیی دەبێتەوە لە مەراق، بەڵام باوک لە ناخەوە دەسووتێو ئازار وەکو خۆرە دڵی هەڵدەکۆڵێت. بڕوانە لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی خۆماندا، تەنانەت گریانیش لە ڕەگەزی نێر و بەتایبەت باوک، قەدەغە دەکرێت، ئەمەیش بە تاکە پاساوێک گوایە، گریان عەیبە بۆ پیاو، ئاخیر دەماغسز بۆ پیاو وەک گۆرانییەکە دەڵێت: ئاسن و پۆڵایەو ڕەحمی تێدا نەبێت گیانی؟! بە داخەوە لە زۆر شوێن و کاتدا ئێمە نەک وەک پێوست ڕێز لە باوکەکان ناگرین، بەڵکو هۆکارێکیشین بۆ شکاندنی دڵی باوک، دڵێک هەر لە سەرەتای باوکێتییەوە دەشکێت و گوێی پێ نادرێت.

> ئێمە نەك وەك پێوست ڕێز لە باوكەكان ناگرین، بەڵكو هۆكارێكیشین بۆ شكاندنی دڵی باوك، دڵێك هەر لە سەرەتای باوكێتییەوە دەشكێت

ئەم دوو کورتەفیلمە، گێڕانەوەی ڕێزێکی کەمە بۆ دنیایەکی فەرامۆشکراو، ئەویش دنیای باوکەماندووەکانە، ئەو باوکانەی زەمەن زاڵمانە دەیانهاڕێت و نەوەکانیش لە دەستیان وەڕز دەبن. هەڵبەت قسەکردن لەسەر باوک، جارێکی تر دەیڵێمەوە: قسەکردنە لەسەر میهرو سۆزێکی شاراوە، کە کەمجار چاوی نەوەکان درک بەو سۆزە ئاگرینە دەکەن، ئەمەیش بەشێکی پەیوەندیی بە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی نێو خێزانەوە هەیە و بەشێکیشی بۆ جیاوازیی تێنەگەیشتنی نێوان دوو تەمەن و دوو سەردەمی جودا لە جۆری ژیانکردن، دەگەڕێتەوە.

لە کۆتایی ئەم چەند پەیڤەدا و دوان لە باوک، ناکرێت دواهەنگاو هەڵبێنین و گۆرانییەکی جوان فەرامۆش بکەین، کە ئەویش گۆرانییەکی هونەرمەندی نەمر و جوان: کاروان عوسمانی ئازیزە، کاروان وەک لە کۆی کارەکانیدا هەمیشە جوانیی مەبەست بووە و کاری بۆ نەمریی کردووە، لەم سترانەیشدا، هەمان تەکنیکی جوانیی خۆی وەدیار دەخات. (سۆزی باوک) گۆرانییەکی هێند خەمگینە، مەحاڵە سەروەختی گوێلێگرتن، لە ناخەوە نەتهەژێنێت و چاوانت پڕ لە ئەسر نەکات. بڕوانە: ئێوارە بەو هەموو جوانییەوە، بۆ کاروان پڕە لە ئازار و ژان، چونکە گشت هاوڕێکانی کاروان چاولەڕێی گەڕانەوەی باوکیانن، ئەوە تەنیا کاروان و خوشکو براکانییەتی، بە دڵتەنگیی و کوڵێ فرمێسک لە چاواندا، لە چاوەڕوانیی باوکیاندان، چاوەڕوانن بەڵکو وەکو جاران لە سیلەی کۆڵان دەربکەوێت، بەڵام چیدی باوکێک نییە بگەڕێتەوە ماڵ و دەستی ناز بە سەریاندا بێنێت، بۆیە ئەمانیش کە دەزانن باوکیان نایەت، دەچنەوە نێوماڵ، ماڵێک خاڵیی لە سۆزی باوک.

---

## چیرۆکی چیرۆکەکانم

شێرزاد حەسەن




من بەختم هەبوو کە لە گەڕەکی «کوران» مێردمنداڵیی و گەنجییەتیم بەڕێکرد، چونکە گەڕەکێکی وا بوو کە هەمەچەشن مەردوومی تێدا بوو، هەمەچیزەیەک کە زۆر جاران ئەوەندە درۆ و خەیاڵیی دەردەکەوتن، کە ئاسان نەبوو بڕوا بەوە بهێنین کە خەڵکی وا هەن بەسەر ئەم زەوییەوە لەسەر دوو پێ دەڕۆن. ئەوەی زۆربەیانی کۆ دەکردەوە و هەمان ڕەنگ و ئەدگارو ئاکار و خەسڵەتی دەدانێ: هەژاریی و بەشمەینەتیی بوو، بە حیسابی چل- پەنجا ساڵێک لەمەوبەر گەڕەکێکی دوورو دەرەوەی شاری «هەولێر» بوو، پتر جوتیارو شوان و سەپان و گاوانی گوندەکانی دەورووبەری هەولێر-ی تێدەڕژا، هەر یەکەو بڕوبیانووی خۆی هەبوو بۆ ئەو هاتنەو ڕاگواستنە خودموختارییە، سەرباری هەبوونی ماڵە پۆلیس و سەربازی پلەنزم و وەستاو خەلفە کرێکاری خانوو بەرە دروستکردن... کۆڵکێش و عەرەبانچیو توونچی و سەدەها شاگردی کارو پیشەی جیاواز، کە دەکرێت بڵێین زۆرینە بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژانە ڕەنجی فەرهاد-یان دەدا. ئەوەی پتر ئەم گەڕەکەی ئاوەدان کردەوە، ڕاگوێزانی سەدەها خێزانی هەژار بوو لە دوای تێکدانی گەڕەکی «گڵکەند» لە سەرەتای شەستەکاندا، واتا بە چەند ساڵێکی کەم دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز-ی (١٩٥٨).

کە من بۆ خۆم یەکێک بووم لەوان کە بە خاووخێزانەوە گواستمانەوە «کوران»، ئەوەش گۆڕانێکی گەورە بوو، چونکە «گڵکەند» شوێنی ژیانی ئادەمیزاد نەبوو، پتر لە زەلکاوێکی گەورە دەچوو، کە ئێمەش تیایدا لە مێش و مەگەز دەچووین، هەمووان دوعایان بۆ «قاسم» دەکرد، کە یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق بوو ئەو ڕەشەخەڵکەی لەو زەلکاوە دەرهێنا.

یەکێک لەو کەسانەی کە من لە تەمەنی هەشت-نۆ ساڵییەوە سەرسامی کردم لە «کوران»، پیاوێک بوو بە ناوی «دەروێش ڕەحمان»، کە زستانان سەرگەرمی ڕاوە ڕیشۆڵە بوو، هاوینانیش بێستانێکی پان و بەرینی پڕ دەکرد لە گندۆرە و ترۆزی و ئێمەش تێرمان لێی دەخوارد. ئەوەی پتر سەرسامی کردبووم، هەقایەتی خۆی و ئەو ژنە شۆخەی بوو، کە گوایە ڕەدووی کەوتووە، لە گوندێکەوە بە جووتە دەستی یەکدیان گرتووە و ڕووەو «هەولێر» هەڵەتە بوون و دەیەها ساڵ پێکەوە لەناو کەلاوەیەکدا و لەژێر ترس و بیمی مەرگدا ژیاون، هەر بە عەشقیش ئەو ترس و تۆقینەیان لە دڵی خۆیان دەرکردووە، ئەو دەروێشە عاشقە ئەوەندە بێ شەرم بوو، کە زۆرجاران لەبەرچاوی خەڵکی، شێتانە پەلاماری ژنەکەی دەداو ڕایدەموسی، من تا هەنووکە کەسێکی وەک ئەو شەیدام نەبینیوە، کە هەتا ئامادە بوو لەسەر بەرماڵی نوێژیش مومارەسەی عەشقی خۆی بکات، هیچ وەختێکیش نەمبینی «پلکە نەخشین» لە گوڵ کاڵتر بەو مێرد و عاشقەی خۆی بڵێت، ئەو جووتە ڕێک لە دوو مەلی کێویی دەچوون کە بێئاگا لە دونیا دەنووکان لەیەکدی گیر بکەن، ڕێک دوو ماری عاشقەوماشقە بوون و تێکدەئاڵان. ئەو پیاوە بسک درێژە حەیرانبێژێکی بێ هاوتا بوو... لاوکبێژ... کەچی بە تەنها بە باڵای ئەو مەعشوقەی خۆیدا هەڵیدەگوت. ژیانی سەیرو سەمەرەی ئەو پیاوە و هەڵسوکەوتی تەواو ناجۆرو دژەباوی وایکرد، کە خەڵکی بە «ڕەحمانە شێت» ناوزەدی بکەن. ئەو پیاوە بستەباڵایە لە تەک ژنەکەیدا پتر لە کەڵەشێری شامی و تاوسێک دەچوون، کە خەڵکی گەڕەک «نەخشین»یان هەراسان دەکرد، کە چی لەو گورنەتەڵەیە، یان مێردەگولەیە دۆزیوەتەوە، خانمی سەلار بە متمانەوە دەیوت: گەوهەریش گچکەیە!

«پلکە نەخشین» هێلکەی مریشکەکانی و شیری مانگاکەی بە ماڵە دەوڵەمەندەکان دەفرۆشت. ژیانی پڕ لە ترس و حەزو هەوەسی ئەو دوو بوونەوەرە خەیاڵی بردم، بەتایبەتی کە ئاشنای ئەدەب و هونەر و فیکر بووم، تازە بەشی ئەدەبیاتی ئینگلیزی-م تەواو کردبوو، ژمارەیەکی زۆرم لە چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەریی خوێندبووەوە، چەند شیعرۆکەو میعرۆکەیەکم نووسیبوو، کە بێ خوێن بوون، هات بە خەیاڵمدا کە بۆچی خۆم تاقی نەکەمەوە و چیرۆکێک لەسەر ئەو دوو عاشقە نەنووسم کە هەموو گەڕەک بە شێت و ناتەواو تەماشایان دەکات، چون خودی ڕەدووکەوتن لە دەوروبەری دەشتی «هەولێر» ئەوپەڕی شوورەییە، کە تیایدا کچی ڕەدووکەوتوو سەری باب و داک و براکان و بگرە خوشکەکانیشی شۆڕ دەکات، من «دەروێش ڕەحمان»م وەک «زۆربا»ی یۆنان-ی دەهاتە پێش چاو، هەرگیز نەمدی «پلکە نەخشین» نوێژان بکات، گەرچی مام ڕەحمان دەروێشی تەریقەتی «قادری» بوو، کەچی هەرگیز نەمدی ڕوو لە مزگەوت بکات، هەردووکیان بە شێوازی خۆیان خودا-یان خۆشدەویست کە کەس نەیدەزانی چۆنە...!

پتر لە دە ساڵ ببووە خولیام کە لە چیرۆکێکدا ئەم دوو زاتە جوانە و ژیانی زۆر غەریبی هەردووکیان بڕازێنمەوە، نەمدەوێرا و نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم، بە چ زمانێک کە ئاشکرا نەبم و ئابڕووم نەچێت، چونکە ڕەدووکەوتن بۆ خۆی بابەتێکی حەرام و بقە بوو، بێجگە لەوەی کە نووسین لەسەر خزم و دراوسێ نمەک بە حەرامی و ئەوپەڕی بێ شەرەفی منی دەردەخست. تاوەکو ڕۆژێکیان، دەمەو ئێوارەیەکی زۆر ساردی زستان، بە دوو دەستی ڕێ ڕێ و بریندارەوە، کە خوێن و چڵک لەناو لەپیدا مەیی و تێکەڵ ببوون، بەڵام خۆی واتەنی لە ڕاوێکی «چەور» گەڕابووەوە و تۆڕێکی پڕ لە ڕیشۆڵەی ڕاوکردبوو، برین و خوێنی ناو لەپی «دەروێش» تەواوی چیرۆکەکەی کە خەونم پێوە دەبینی، بینووسم، لەناو دڵ و مێشکمدا بەرجەستە بوو، چەکەرەی کرد، بەڕادەیەک ورووژام و هەڵچووم کە ئیتر تەواو بێباک بم لەو ئابڕووچوونەی لەپای نووسینی ئەو چیرۆکە دووچاری دەبم... ئەگەر ببم؟!

لە دڵی خۆمدا وتم: چش... با ڕسوا بم... هەستم کرد هێزێکی گەورەتر پاڵم پێوە دەنێت، کە خەم و ئازاری ئەو دوو زاتە بنووسمەوە، مۆتیڤێک بوو گەورەتر لە ئابڕووچوون...!

ڕەنج و خەمی ناقۆڵای «دەروێش» و «نەخشین» لە تەک ترس و بیمی پتر لە سی ساڵ و نەکوژانەوەی بڵێسەو کڵپەی عەشقێکی کێویی و شێتانەو دەشتەکیی وایکرد هەر بە ناوی « ڕەشۆڵە» چیرۆکەکەم بنووسم، بەڵام ترسی ئاشکرابوون و ئابڕووچوون وایکرد ناویان بگۆڕم بە «دەروێش بایز»، ژنەکەش بە «هەمین». ئەو کاتە سەرسام بووم بە خوێندنەوەی «پیرەمێرد و زەریا»ی -ئێرنست هێمنگوای- کە بەشێک بوو لە پرۆگرامی خوێندنم بۆ ئەدەبیاتی ئینگلیزی، بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئازارو ڕەنجی «دەروێش» بۆ ڕاوکردنی ڕیشۆڵەکان، کەمتر نییە لە دەردو ئازاری «سانتیاگۆ» بۆ ڕاوکردنی ماسییەکی سرک و دەگمەن. یەکەمیان: لە پێدەشتێکی ساردو قوڕاوییدا و دووەمیان: لەناو دەریایەکی بێبەزەیی و سەرشێتدا. بێگومان نۆڤلێتەکەی «هێمنگوای» بۆ من ئیلهامبەخش بوو، وەلێ تا بۆم کرا هەوڵم دا کارەکتەرەکان و زەمەن و شوێن و فەزای گشتیی چیرۆکەکەم کوردانە دابڕێژم و بتوانم ڕۆحی شێتانەو نەبەزیو و پڕ لە عەشقی ئەو دوو بوونەوەرە ڕاو بکەم و بە وشە حەزو ترس و تاسەو هەوەس و ژیانی پڕ لە ئارەقەو فرمێسک و شەهوەتیان بنەخشێنم!

هەڵبەت لەپای ئەو چیرۆکە: دوو پاڵەوانەکەم کە پێیانزانی... ئابڕوویان بردم، کە دواتر بووە مایەی نووسینی چیرۆکێکی دیکەم بە ناوی «گوناهی سپی»، کە دواتر دێمەوە سەری...!

میونخ
Sherzadhassan2003@yahoo.com